بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەلەوە
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق

پشت بەو یاسایەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان– عیراق داینـاوەو بەپێی حوکمی مادە دە/یەکەم لە یاسای ژمارە(١)ی سالّی ٢٠٠٥، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان– عێراق، ئەم یاسایەمان دەرچـواند:

## یاسای ژمارە(١١)ی سالّی / ٢٠٠٦
## یاسای وەزارەتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، بۆ ئەم یاسایە، ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم:** هەرێم : هەرێمی کوردستان– عێراق .

**دووەم:** وەزارەت : وەزارەتی پیشەسازی.

**سێیەم:** وەزیر : وەزیری پیشەسازی.

**چوارەم:** بریکاری وەزارەت : بریکاری وەزارەتی پیشەسازی.

**پێنجەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەتەکە.

### - ئامانجەکانی وەزارەت -

**ماددەی دووەم:**

ئەم وەزارەتە، ئاراستەکردنی بزاڤی پیشەسازی و، بەرەوچاکترگۆڕین و فراژوکردنی ( تطویر وتنمیة) کەرتی پیشەسازیی گشتی و کەرتی تێکەلّ و کەرتی تایبەت لەهەرێمدا، لەبواری سەنعەتکاریی (تەحویلی و تەرکیبی و مەعریفی)و دەستکرددا، دەگرێتە ئەستۆو، بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجەی خوارەوەش دەکەوێتە کار:–

**یەکەم:** لەچوارچێوەی پلانگەلی فراژوکاریی(تنمیة) لە هەرێمدا، سیاسەتی (تەصنیع) پێشنیاز دەکاو، ئامانج و(موئەششەرات) بۆ کەرتەکانی تایبەت دادەنێ.

**دووەم:** پلانگەلی سالانەو، مامناوەندو، پلانگەلی ماوە دوور، بۆ کەرتەپیشەسازییەکان ئامادە دەکا.

**سێیەم:** لێکۆلّینەوە لەسەر کەلّکی (الجدوى) هونەری و ئابووری، بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان ئامادەدەکاو، پێشنیازیش دەکا، ئەو لێکۆلّینەوانە لە پلانگەلی فراژوکاریی هەرێمدا تۆمار بکرێن.

**چوارەم:** پرۆژەگەلی پیشەسازی و خزمەتگوزاریی بریاردراو جێبەجێ دەکات.

**پێنجەم:** سەرپەرشتی بزاڤی کەرتەکانی پیشەسازی و رێنماییشیان دەکاو، ئەنجامگەلی بەجێهێنانی پلانەکانیش، لەرووی چەندێتی و چۆنێتییەوە هەلّدەسەنگێنێ و رێگاچارەی لەباریشیان بۆ دەدۆزێتەوەو، بەرهەمهاتەکانیشیان ( منتوجاتها) دەپارێزێ.

**شەشەم:** دوای ئامادەکردنی دیراسەت لەسەر کەلّکی (جدوى) هونەری و ئابووریی پرۆژە، ئەوجا، ئیجازەی دامەزراندنی پرۆژەگەلی پیشەسازی، یان بەرفراوانکردن و گۆڕینی مەبەستەکانیان دەدا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**حەوتەم:** ریقابەی چۆنێتیی رەنێوهاتە پیشەسازییەكان( المنتجات الصناعیة) بەجۆرێ دەكا، كە لەگەڵ مواسەفاتی بەركاری جیهانیدا چونیەك زامن بێ، ئامۆژگاری و رێنماییش دەربارەی چاكتركردنی چۆنێتیی ئەم رەنێوهاتانە پێشكەش دەكات.

**هەشتەم:** لەچوارچێوەی پلانگەلی فراژوكاریی پیشەسازیدا، لەهەرێمدا، كۆمەڵگەی پیشەسازی دادەمەزرێنێ و خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆ فەراهەم دەكات.

**نۆیەم:** دانانی پلانگەلی لێكۆڵینەوەو بەرەو چاكترگۆڕینی پیشەسازی بۆ كەرتە پیشەسازییەكان، بەجۆرێكی ئەوتۆ كە سوود بە ئامانجەكانی پلانگەلی فراژوكاری ببەخشێ، ئەمەش بۆ ئەوەیە كە جۆری رەنێوهات( المنتجات) و خزمەتگوزاریی پیشەسازی چاكتربن و، ئیش وكاری رەنێوهێنەكی(الإنتاجیة) بەرەو باشتر بگۆڕدرێ و، ئەركومەسرەفی كەمتر ببێ و، تەكنیكی تازەبابەتیان بچێتە ناو.

**دەیەم:** بەهاودەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی هەرێمدا، ئیجرائاتی تایبەت بە پاراستنی ژینگەو لێكۆڵینەوەی كێشەكانی پیسبوونی ژینگە دەگرێتە بەرو، هەندەی پێوەندیشی بە بزاڤی وەزارەتەكەوە هەبێ، رێگاچارەیان بۆ دەدۆزێتەوە.

**یازدەم:** لەرێگای خولی مەشق و، بەهاوكاریی زانكۆكان و پەیمانگە هونەرییەكان وناوەندو دەزگا پسپۆڕەكانی پێوەندیدار، لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا، هێزی كار لەناو وەزارەتەكەدا، فراژودەكا(تنمیە)و بەرەوچاكتری دەگۆڕێ.

**دوازدەم:** سیستەمی كاری ئیدارە پیشەسازییەكان، بە بزاڤی جۆربەجۆریشیانەوە بەرەوچاكتر دەگۆڕێ و، بەدووی جێبەجێكردنیاندا خەمخۆردەبێ.

**سیازدەم:** بنكەی زانیاری، بۆ مەعریفەی زانستی و تەكنۆلۆجی و مواصەفاتی هونەریی پێوەندیدار بە چالاكییە جۆربەجۆرەكانی وەزارەتەكەوە بەڕێوە دەبات.

**چواردەم:** بەدووی جێبەجێكردنی بەندو بەست(الضوابط)و رێنماییگەلی تایبەت بە سەلامەتیی سەنعەتگەری و پیشەگەریی ناو كارگەكاندا دەچێ.

**پازدەم:** هەناردەی رەنێوهاتی پیشەسازیی( المنتجات الصناعیە) نیشتمانی دنەدەدات.

**شازدەم:** لە پێشانگا پیشەسازییەكانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا بەشداری دەكا.

**حەڤدەم:** دوای رەزامەندیی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەت لەگەڵ شارەزایانی بیانی و كۆمپانیاو دەزگا پیشەسازی و پسپۆڕەكاندا، رێكەوتننامە دەبەستێ كە لە دایەرەو كارگەكانی وەزارەتەكەدا كار بكەن.

**هەژدەم:** دوای رەزامەندیی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەت لەگەڵ ناوەندەكانی(مراكز) لێكۆڵینەوەی زانستی و تەكنۆلۆجیە نێودەوڵەتی و، نووسینگە راوێژكارەكاندا دەكەوێتە هاوكاری بۆ بەرەوچاكترگۆڕینی ئیش و كاری وەزارەتەكە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.moikurdistan.com

**- پێکهاتەکانی وەزارەت -**

**ماددەی ســێیەم:**

**یەکەم: وەزیــــر:** سەرۆکی باڵاو ، بەرپرسی ئیش وکارو ئاڕاستەکردنی سیاسەت وسەرپەرشتکردن و ریقابەکردنی وەزارەتەکەیەو، هەموو بڕیارو فەرمان ورێنماییگەلێکیش پەیوەندییان بە ئەرکوفرمان و پێکهاتەو سەلاحییات و کاروباری دیکەی هونەری ودارایی وئیداری ورێکخستنی وەزارەتەکەوە هەیە،بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لەوەزیرەوە دەردەچن و بەسەرپەرشتیی خۆی جێبەجێ دەکرێن .وەزیر بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسە، چونکە خۆیشی ئەندامێکی هاوکاری وەزارەتەکەیەو، بۆیشی هەیە، هەندێ لە سەلاحییاتی خۆی، بە بریکاری وەزارەت، یان بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان، یان بە هەرکەسێ لە وەزارەتەکەدا، کەخۆی بە لەباری بزانێ بسپێرێ.

**دووەم:بریکاری وەزارەت:** لە چوار چێوەی سەلاحییاتدا کە پێی دەسپێردرێ یاریدەی وەزیر دەدات، لە ئاڕاستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانیدا.

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر:** فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**چوارەم:** نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ، ژمارەیێ فەرمانبەریش یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: راوێژکارەکان:** لە چوارکەس زیاتر نابن، مەرجیشە بڕوانامەی زانکۆیان هەبێ و، خاوەن ئەزموون و کەردەش بن.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئیداری ودارایی:** فەرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

**حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون:** فرمانبەرێ سەرۆکایەتی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پیشەسازی:** فەرمانبەرێ سەرۆکایەتیی دەکا، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و ، خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

**ماددەی چــوارەم:**

ئەنجومەنی راوێژکاریی وەزارەت: لەمانەی خوارەوە پێك دێت:

١) وەزیر: سەرۆکە.
٢) بریکاری وەزارەت: جێگری سەرۆکە.
٣) راوێژکارەکان: ئەندامن.
٤) بەڕێوەبەرە گشتییەکان: ئەندامن.
٥) هەر شارەزایەکی دی، کەوەزیر لەناو وەزارەتەکە یان لە دەرەوەیدا بەباشی بزانێ: ئەندامە.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیر، بۆی هەیە، بەپێی رێنمایی، دەرماڵە بەکارمەندان بەپێی سروشتی ئیشەکەی یان جێگای جوگرافیی ئیشەکەی یان بەپێی بەرپرسیارێتی وەزیفی یان بەپێی بە ئەزموونیی ئەو کارمەندە، ببەخشێ.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی شەشەم:**

**يەكەم:** ئەركوفرمان وئيشەتايبەتەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕۆ ديار دەكرێن .

**دووەم:** وەزير بۆی هەيە ،ڕێنمـايی پێويست،بۆ ئاسـانكاری جێبەجێكردنی حوكمـەكانی ئـەم ياسايە دەر بكات.

**سێيەم:** وەزير بۆی هەيە، هەر بەڕێوەبەرايەتيەك يان بەشێك يان هۆبەيەك لەناو پێكهاتەكانی وەزارەتدا، بەپێی پێداويستی ئيشەكانيان، بكاتەوە يـان يـەكيانبخات، يـان ئيلغايـان بكات.

**ماددەی حەوتەم:**

هەر دەقێ لەگەڵ حوكمەكانی ئەم ياسايەدا نەگونجێ ، كاری پێ ناكرێ.

**ماددەی هەشتەم:**

پێويستە لەسەر ئەنجومەنی وەزيران و، لايەنە پێوەنديدارە كانيش ، حوكمەكانی ئەم ياسايەجێ بەجێ بكەن.

**ماددەی نۆيەم:**

ئـەم ياســـايە لــە رۆژی دەرهێنـانيــەوە دەخـرێتــەكــار و لـــە رۆژنامەی فەرميی (وەقايعی كوردستان) دا بڵاودەكرێتەوە.

**مەسـعود بــارزانی**
**ســەرۆكی هەرێمی كوردســتان - عێــراق**

لە رۆژی ( ٦ /١١/٢٠٠٦)ی زايينی لە هەولێر دەرچووە
بەرامبەر ١٥ /گەلاڕێزان /٢٧٠٦ ی كوردی

**- هۆكارەكانی دانانی ئەم ياسايە -**

لەبەر ئەوەی لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، وەزارەتی پيشەسازی تازە دانراوەو، دايەرەكانی كارەبايشی لێ دابڕكراوەو، بۆ ئەوەش كە كەرتە پيشەسازييەكانی هەرێم يەكبخرێن و سەرپەرشتيی بزاڤ و ئاراستەكردنيان بكرێ و موراقەبەكردنی جۆرو چۆنێتيی رەنێوهاتە پيشەسازييەكان (المنتجات الصناعية) مەيسەربيێ ولەگەڵ مواسەفاتی بەركاردا چونيەك زامن بێ و، چۆنێتييان چاكتر بكرێ و، ئيش وكاری وەزارەتەكەو بەڕێوەبەرايەتييەگشتييەكانيشی رێك بخرێن، لەبەر ئەوە، زەرووڕەت وەهای پێويست كرد كە ياسايەك بۆ دياركردنی ئەركوفرمان و ئامانجەكانی وەزارەتەكەو بەڕێوەبەرايەتييەكانی دابنرێ و ئەركوفرمانی يەكە بەيەكەيان رێك بخات، جا، بۆ وەديهێنانی ئەوانە ئەم ياسايە دانرا.

www.mojkurdistan.com